گشت بەشەزانستیەکان

کۆلێژ: ئەندازیاری

زانکۆ: سەلاحەددین

بابەت: کوردۆلۆجی

ئامادەکردنی مامۆستایانی بابەت:

1- سازان جوهەر حمە غەریب. (قوتابی دکتۆرا) میلاکی بەشی کاررەبا.

2- سومەیە نەجیب خلیل . (قوتابی دکتۆرا) میلاکی بەشی کیمیایی نەوت.

3- تارا مشیر ێالح . (ماستەر) میلاکی بەشی تەلارسازی.

ساڵی خوێندن: 2017 - 2018

کۆرسی یەکەم

زاراوەی کوردۆلۆجی

لە دوو وشە پێکدێت (کورد + لۆجی).

کورد بە واتای نەتەوەی کورد دێت

لۆجی بە واتای زانست و ناسین و زانین و لێکۆڵینەوە دێت

هەردووکیان پێکەوە لێکدراون و بۆتە زاراوەیەك بۆ هەموو ئەو زانستانەی کە پێناسەی کورد دەکات و هەموو لایەنەکانی ئەو نەتەوەیە دەخاتە روو .

بە واتایەکی تر کوردۆلۆجی بەوە پێناسە دەکرێ: ئەو زانستیە کە باس لە ناساندنی نەتەوەی کورد دەکات , هەروەها خۆی خەریك دەکات بە لێکۆڵینەوەی لە بارەی مێژوو زمان و جوگرافیاو کلتور و ئەدەبی کوردی و نیشتیمانی گەلی کوردەوە.

بۆچی زانستی کوردۆلۆجی زانستێکی ئەوروپیە؟

١- چونکەئەوروپییەکان یەکەم کەس بوونە کەبایەخیان بە کورد داوە، لەسەر کوردستانیان نوسیوە.

٢- چونکە هەمووئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتانەی ڕۆژئاواییەکان لەسەرکوردییان نوسیوە بوون بە سەرچاوەی دامەزراندنی زانستی کوردۆلۆجی.

مێژووی سەرهەڵدانی زانستی کوردۆلۆجی:

کوردۆلۆجی لە سەرەتادا لقێک بووە لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی. ڕۆژهەڵاتناسیش ئەو زانستە بوو کە لە سەدەی چواردەم بە بڕیارێکی ئەنجومەنی کەنیسەکانی ڤیەننا بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بە ڕەسمی دامەزرا. بە پێی ئەم بڕیارە لە زانکۆ سەرەکییەکانی ئۆکسفۆرد،، پۆلۆنیا، پاریس،کامبریج دەستکرا بە وانە وتنەوەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان، کەواتە کوردۆلۆجی سەرەتابەشێك بووە لە ڕۆژهەڵاتناسی و وەکو ڕۆژهەڵاتناسیش بینیی ڕۆژئاوایە بۆ ڕۆژهەڵات.

زانستی کوردۆلۆجی لەکۆتایی سەدەی نۆزدە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی جیابووەوە، ئیتر لەو کاتەوە لە زانکۆکانی ئەوروپادابە تایبەتی لە ئەکادیمیای ڕوسیا، زانکۆکانی فەرەنسا، ئەڵمانیا، سوید و بەریتانیا وەك بەشێك سەر بە لێکۆڵینەوەی ئێراننامی و ڕۆژهەڵاتناسی دەخوێندرێت، کوردۆلۆجی لە زانکۆکانی هەموو ئەم وڵاتانەدا لەبەر هۆی سیاسی هەرگیز سەربەخۆ نەبووەو پاشکۆی بەشی ئێراننامی بووە،بەڵام بۆ یەکەم جار لە ڕوسیا لە ساڵی ١٩٥٩ بەشی لێکۆڵینەوەی کوردناسی لەئەکادیمیای زانستی سانت پترسبۆرگ لە بەشی ئێراننامی جیابووەوە و بوو بە بەشێکی سەربەخۆ، ئەم کارەش لەسەر دەستی زانا لیرخ هاتە بەرهەم.

پرسیار: هۆکاری بایەخپێدانی ڕۆژهەڵاتناسە ڕوسەکان بۆ بابەتی کوردۆلۆجی چیە؟

١- بوونی ژمارەیەکی زۆری کورد لەو وڵاتە.

٢- بوونی سنووری ڕاستەوخۆی ڕوسیا لەگەڵ گەلی کورد.

٣- بوونی زانیاری دەربارەی کورد و وڵاتەکەیان بە شێوەی ڕاپۆرتی دبلۆماسی و سەربازی لە کتێبخانە و مۆزەخانە وئەرشیفەکانی دەوڵەتی ڕوسیا.

مێژووی زاراوەی کوردۆلۆجی:

• لەناو کوردیشدا بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە مێژوەکی کۆنی نیە و بۆ یەکەم جار

زاراوەی ((کوردۆلۆجیا)) لە ساڵی (1913) لە لاپەڕە (8) ی ژمارە (2) ی گۆڤاری ((ڕۆژی کورد)) لە ئەستەمبوڵ لە لایەن د.عبدالله جەودەتەوە بە کارهاتووە....

• لە پاشانیش لە ساڵی 1934 لە گۆڤاری ((هاوار)) لە لایەن (جەلادەت بەدرخان) یش لەساڵی 1934 لە وتارێکی بە ناوی (کوردو کوردستان ب چاڤێ بیانیان) بڵاوکردۆتەوە تیایدا باسی کوردناسی کردۆتەوە.

• هەر لەم ساڵەشدا یەکەم کۆنفرانسی کوردناسی کوردۆلۆجی لە یەریڤانی پایەتەختی ئەرمەنستان سازکراوە.

سوودی زانستی کوردۆلۆجی

سودی زانستی کوردۆلۆجی بریتیە لە سودی هەموو زانستەکانی فۆلکلۆر و مێژوو جوگرافیا و هونەرو ئەدەبیات و زمان و ئارکۆلۆژیاو نەخشەسازی و نیگار کێشان دەستنووس و بیلۆگرافیا لەیەك کاتدا, کوردناسی یاخود کوردۆلۆجی هەموو ئەو زانستانەیە پێکەوە , هەموو ئەو بوارانە لە بۆتەیەکدا کۆبونەتەوەو گەنجینەیەکی بە هاواری نەتەوەکەمان پێك دەهێنن , تەنانەت خودی شارستانیەتێك بەناوی شارستانیەتی کوردستان لەنێو ئەو زانستەی کوردۆلۆجیدا واتە لەنێو کتێب و سەفەرنامەی گەرِاڵەکانداو رِۆژهەڵاتناسەکاندا حەشاردراوە.

بەڵام لێرە خاڵکی گرنگ هەیە ئایا ناساندنی ئەم هەموو زانستە گرنگانە لە بارەی ژیانی مرۆڤی کوردەوە لە دیدی کێیە؟ بێگومان بە زۆری ئەو ناساندنانە لە دیدی ڕۆژئاواییەکان بووە بۆ کورد هەرچەندە هەندێ کەسایەتی کوردیشمان هەبووە، کە لەم بوارە ئەسپی خۆیان تاوداوە، بەڵام بە کوردناسی دانانرێ، چونکە ِڕۆژهەڵاتیەکان خۆیان لە خۆیان دواون، وەکو وتمانیش کوردۆلۆجی ناساندنی ڕۆژئاوایە بۆ ڕۆژهەڵات .

کوردناسەکان بەر لە کورد لێکۆڵینەوەیان لەسەر کورد کردووە، ئەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو ڕاپۆرتانەی کە لەسەر کورد یان نووسیوە، بەشێکی گرنگ لە کەلەپوورو کەلتووری کورد پێکدەهێنن . واتە ئەم نووسینانە نرخ و بەهای خۆی هەیە بۆ شارەزابوون لە ڕابردووی کورد، چونکە زانیاری بەسوودیان دەربارەی نەتەوەی کورد تۆمارکردووە. سەرەڕای ئەوەی کە هەندێکیان بەباشی هەندێکیشیان بەخراپی باسی کوردیان کردووە.

• کوردناسەکان زۆربەی لە ڕەگەزی عەرەب، فارس، ئەرمەن، ئەڵمانی، ڕووسی، ئیتاڵی،فەرەنسی،بەریتانی بوون.

بنیاتنانی بیری کوردناسی

1- یۆنانیەکان واتە گریکەکان لە زەمانی دێرین ,یەکەم کەس بوونە هاتونەتە کوردستان بۆ یەکەم جار کتێبیان لە بارەی کوردو وڵاتی کوردیەوە نوسیوە هەر بۆیەش یەکەمین و کۆنترین سەرچاوە کە ناوی کوردی تیا هاتبێ و پەیوەندی نێوان ڕِۆژئاواو کوردمان بۆ بگرێتەوە کتێبی (ئانابازێ ئگزنەفونە) ئەمە بوە

سەرچاوەیەك كە ئەورِوپا بۆ ناسینی کورد پشتی پێ بەست ئەم گەشتنامەیە بەزمانی یۆنانی کۆن نووسراوە بەشێکی تەرخان کراوە بۆ گێرانەوەی ئەو کارەسات و بەسەرهاتانەی کە زەینەفۆنو لەشکرەکەن بەیان هاتووە.

دوای ئەو ئەسکەندەریمەکدۆنی کاتێك کوردستان داگیر دەکات لە شەڕێك بە ناوی (ئەڕبێلا) یاخود گۆگامێل وا دەکات سەرنجی هەموو دنیا بۆ کوردستان ڕابکێشێت چونکە ئەو شەڕە یەکەم سەرکەوتنی ڕۆژئاوا بوو بەسەر ڕۆژهەڵات.

٢- مێژوونووسەکان: وەك مێژوونووسی ئەرمەنی مایسای خۆرێنسکی لە سەدەی پێنج بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بواری مێژووی کورد دادەنرێت لەم پەرتووکەدا باس لە وڵاتی میدیا دەکات بووە بناغەیەکی گرنگ بۆ دامەزراندنی سەرەتای بیری کوردناسی.

٣- کتێبی ئاسمانی: (قورئان، ئینجیل، تەورات) لەم کتێبانەدا بەشێوەی ڕاستەوخۆ باسی کورد نەکراوە بەڵکو ناوی هەندێک شوێنی کوردستان هێنراوە وەك چیای جودی، ئارارات، میدیا، ... هتد.

٤- جەنگی خاچپەرستەکان: ئەم لە سەدەی دوازدە لە نێوان ڕۆژهەڵاتی مسوڵمان و ڕۆژئاوای مەسیحی ڕوویدا بە سەرۆکایەتی سەرکردەیەکی کورد بە ناوی سەلاحەددینی ئەیوبی بەرامبەر بە دوو سەرکردەی ئەوروپی بە ناوەکانی فلیپی فەرەنسی و ریچارد شێردڵی ئینگلیز، پەیوەندی نێوان ئەوروپا و کورد لەم جەنگە دێرینەدا چەندین چیرۆکی ئەفسانەیی لە ئەدەبی کوردی و ئەوروپیدا درستکردوە وەکو مستەر ریچ کە ڕۆژهەڵاتناسێکی بەریتانییە لە گەشتنامە بەناوبانگەکەیدا باسی چیرۆکی ئەفسانەیی (فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، کیغانی فەرەنگ) دەکات.

٥-زانا موسڵمانەکان (عەرەب , تورك , فارس): بە سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگ بۆ دامەزراندنی بیری کوردناسی لەلای ئەوروپیەکان دادەنرێن.

لێکۆلەرانی کوردۆلۆجی

1.کورد ناسە ئەوروپیەکان (رۆژئاوا)

2.زانا موسڵمانەکان (رۆژهەڵات)

3.کوردەکان

کوردناسە ڕۆژئاواییەکان:

شوێنی جیۆپۆلەتیکی کوردستان، کە کەوتبووە نێوان دوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی و، هەندێ هۆکاری ئابووری وسیاسی وسەربازی وای کردووە سەرنجی وولاتە ئەوروپییەکانی وەک : بەریتانیا و فەرەنساو ئەڵمانیاو ئیتالیاو ڕووسیای ڕابکێشێت، بۆ ئەم مەبەستە زۆر شتیان دەربارەی کورد نووسیوە. لەو کوردناسانەش:

1- مارکۆ پۆلۆ:جوگرافیاناس و گەڕۆکێکی ناسراوی ئیتالیا، ئاماژە بەوە دەکرێ کەیەکەم ڕۆژئاواییە ناوی (کوردستان) ی بەکارهێناوە.

2- کریستین نبوور: یەکێ لەو گەریدانەیە کە گەشتی بۆ کوردستان کردووە، ئەو گەشتەی لەساڵی 1766 چاپ کردووە و باسێکی لەسەر کورد نووسیوە.

3- مێریلا گالیتی : کتێبێکی لەسەر کوردان نووسیوە بەناوی (کەلتوری کوردی لە نووسراوەکانی ئیتالیەکاندا).

4- مۆریزیۆ گارزۆنی : قەشەیەکی ئیتالییە،لەساڵی 1787 کتێبیکی بەناوی (ڕێزمان و وشەی زمانی کوردی)بڵاکردۆتەوە.

4- هۆرئلی و شنایدەر : باسیکیان دەربارەی ئیتنۆگرافیا و زمانی کوردی دەرکردو، هەوڵیان دا (ئینجیل) وەرپگێڕنە سەر زمانی کوردی بەزاری مۆکری.

5- لیرخ: بە دامەزرێنەری کوردۆلۆجیا لە ڕووسیا دادەنرێت ، زۆرشتی لەسەر کورد نووسیوە و، سێ کتێبی لەسەر کوردەکانی ڕۆژهەڵات نووسیوە.

6- ئەلبێرت سۆسین: توێژەرێکی ئەڵمانییە، نووسینەکەی لەبارەی کوردانەوە بەناوی (لێکۆلینەوەیەکی فیلۆلۆجی زمانی کوردی) یە.

7- ڕۆدینکۆ : کوردناسێکی ڕووسییە، توانیویەتی بەشێوەیەکی زانستی ساغکردنەوە بۆ زۆر لەبەرهەمەکانی وەک : مەم و زین و لەیلاو مەجنون و یوسف و زولەیخا و دەستنووسی (عادات و رسومەت نامەی ئەکرادیە) ی مەلا مەحموودی بایەزیدی بکات و لەساڵ 1970 چاپی بکات.   8- قەناتی کوردۆ (کوردۆیف) : لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان، دەستنووسێکی کوردۆلۆجی بەزمانی ڕووسی داناوە، بەڵام تائێستا چاپ نەکراوە.

تائێستاش هەندێ لە کوردناسان بەبەردەوامی لەسەر کوردو کوردستان دەنووسنەوە.

کوردناسە مسوڵمانەکان:

لەدوای ئاشنابوونی کورد بەئاینی ئیسلام، کورد وەک نەتەوەیەک بەشێک لە نووسراوەکانی مێژوونووس و جوگرافیاناس و سەربردەنووسانی موسلمانانی داگیرکردووە، وەک:

1- محەمەدی کوڕی جەزیری تەبەری: کتێبە مێژوویەکەی بە ناوی (تاریخ الامم و الملوک)، ئەم کتێبە لە درووستبوونی بوونەوەرەوە دەست پێدەکات هەتا ساڵی 915 ی زایینی، لە زۆرشوێن باسی کورد دەکات.

2-ئیبن ئەسیری جەزیری : کتێبەکەی بەناوی (الکامل فی التاریخ)، ئەم کتێبە درێژە پێدەری کتێبی تەبەرییە، بەدرێژی باسی بزوتنەوە کوردییەکانی سەدەی نۆیەم و دەیەم دەکات.

3- ئەلیەعقوبی : کتێبەکەی بەناوی (مێژووی ئەلیەعقوبی)

4- ئیبن ئەلسەمکەرییە: کتێبەکەی بەناوی (تجارب الامم).

5- ئیبن الفقیە : کتێبەکەی بەناوی (کتاب البلدان).

6- ئیبن حەوقەل : لەکتێبی (صورة الارض) زۆر بە ڕوونی نەخشەی کوردستانی کێشاوە.

کوردەکان:

هەندێك لە ڕۆشنبیرە کوردەکان , هەستیان بەوە کرد پێویستە نەوەکەیان وەکو هەر نەتەوەیەکی تر کە خاوەنی سامانی ڕۆشنبیری و کەلتوری فەرهەنگی و نەتەوەیی خۆیەتی پێویستە بناسرێ , وە توانیان لەڕووەوە زانایان و شاعیران و نەریتی خۆیان بناسێنن بە کوردی و غەیری کورد و دەتوانین ئاماەیان پێ بکەین :

1- لە ڕووی مێژوو: شەرەفخانی بەدلیسی ومحمدئەمین زەکی کەمال مەزهەر...هتد

2-لە بواری ڕێنوس و ڕێزمان و زمانی کوردی: جەلادەت بەدرخان , نوری عەلی ئەمین , جمال نەبەز حامید فەرەج , تۆفیق وەهبی.....هتد.

3-لە بواری ئەدەب : عەلاددین سەجادی , سدیق بۆرەکەیی , عیزەددین مستەفا رەسول, مارف خەزنەدار, ئەمینی عەبدال.....هتد.

4- لە بواری جوگرافیا: پێویستە ئاماژە بە(عبدولرەحمان ئەمین زەبیحی) بکەین.

5- لە بواری سیاسی و ئابوری کوردستان لێکۆڵینەوەی (عەبدوڵرەحمان قاسملۆ) باشترین بەرهەمە کە بەشێوەی زانستی لەسەر کورد نوسرابێت و بۆ چەند زمانێکی ئەورِوپی و عەرەبی وەرگێراوە .

ئامانجی کوردناسەکان چییە ؟هۆی سەرهەڵدانی زانستی کوردۆلۆجی و ئامانجی کوردناسەکان؟

1.ئامانجی ئاینی :کورد سەر بە دین و مەزهەبی جۆراو جۆر بووە، وەکو: زەردەشتی و مەسیحی و یەزیدی و موسڵمان و حەقە و.....هتد، بۆیە ڕێبەرو سەردارانی هەر دینێک ویستوویانە بێن بۆ کوردستان و بیکەن بە مەیدان و بەرەو پێش بردنی ئەو دین و مەزهەبە دیاریکراوەی خۆیان، بە تایبەتیش مەسیحیەکان،

دەستەیەکی بەرچاویان هاتوونە بۆ ناسینی ئەو کەمە نەتەوایەتیە مەسیحیە کوردەی لە کوردستان دەژین بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی و زانیاری پەیداکردن

لەسەر ئاینەکانی تر . وەکو قەشە (گارزۆنی ئیتاڵی و تۆمابوای فەرەنسی).

2. ئامانجی سیاسی:

هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان بەمەبەستی سیاسی بۆ دانانی پلانی پێش وەختە بۆ داگیرکردنی کوردستان هاتوون، چونکە کوردستان بایەخێکی ستراتیجی مەزنی لە ڕووی سیاسی و سەربازی بۆ وڵاتی بێگانە هەبووە، وەک (مێجەرسۆن).

3. ئامانجی بازرگانی و ئابووری:

زۆریک لە بازرگانەکان ئەو بازرگانانە بوون کە بە مەبەستی ئاڵوگۆری کاڵاو پێداویستیەکان لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا گەیشت و سەفەریان دەکرد، جا لەپاڵ مەبەستی بازرگانی و ئابوریان هەڵدەستان زانست و زانیاریشیان لە بارەی مێژوو زمان و کلتوری ئەو نەتەوانە کۆ دەکردەوە کە بازرگانەکە بۆی دەهات، لە سەدەکانی ڕابردوش بەشی هەرە زۆری ڕێگا بازرگانیەکانی نێوان دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

بە کوردستان تێدەپەڕی، وەکو (گاگارای) ڕووسی و (ژان) ی فەڕەنسی.

4. ئامانجی زانستی و ئەکادیمی و ئاینی:

تا کۆتایی سەدەی (18) ڕۆژهەڵات ناسەکان زیاتر بە مەبەستی سیاسی و جاسوسی بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی بەرەو ڕۆژهەڵات و کوردستان سەفەریان دەکرد، بەڵام لە سەرەتای ساڵانی (1800) بەملاوە کۆمەڵێک ڕۆژهەڵاتناسی پەیدابوون کە هیچ بەرژەوەندیەکی مادی وسیاسیان نەبوو، بەڵکو تەنها بە مەبەستی لایەنی زانستی و کۆکردنەوەی زانیاری بوو لە بارەی زمان و کلتورو جوگرافیای ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و داڕشتنی نەخشە،یاخود شاعیر و هونەرمەندو نوسەربوون بۆ لایەنی ڕۆمانسی خۆیان ڕۆژهەڵاتیان بە بەهشت و لانکەی بوژانەوە دادەنا، دەوڵەمەندکردنی بەرهەمەکانی خۆیان بۆ سەردانی کوردستان و ڕۆژهەڵات دەهاتن، وەک لامارتین و گۆتی و شاتۆبریان ...هتد.

گرینگترین کاری کوردناسی خۆی لەمانە دەبینێتەوە :

1- کاری کوردناسەکان بەسەرچاوەو هۆکارێکی گرنگ بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد دادەنرێ

2- بەهۆی لێکۆڵینەوی کوردناسەکان زمانی کوردی بە زمانێکی سەربەخۆ جیا لەزمانی ئێرانی ناسرا و چەندین فەرهەنگیش بۆ زمانی کوردی دروست کرا, وەکو کوردی وئیتاڵی و کوردی و ئینگلیزی .

3-دەتوانرێت گرینگترین دۆکیومێنێت لە بارەی فۆلکلۆر بە هەموو لقەکانیانەوە لە ناو ئەو بەرهەمانە ببینرێت ئەمە جگە لەوەی دەتوانرێ لە ڕووی باری کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیانی کوردەکان و چەندین بواری تری ئابووری و جوگرافی ...هتد زانیاری بزانرێ.

4-کردنەوەی بەشی کوردناسی لە رووسیا.

کەرەسەو ماتریاڵەکانی کوردۆلۆجی

لێرە مەبەست ئەوەیە کە بەش و لقەکانی چین و ئەو بوارانە چین کە لێیان دەکۆڵێتەوە :

1-نەژادی کوردو مێژووی کۆنی کوردستان.

2-زمانی و کوردی و دیالێکتەکان.

3-فۆلکلۆرو ئەدەبی کوردی.

4-نەخشەی جوگرافی دیاریکردنی جوگرافیای سیاسی.

5-شوێنەوار.

6-ئامرازو کەل و پەلی ڕازاندنەوەی ئافرەتان .

7- دین و مەزهەبەکانی.

8-دەستنووس.

9-وێنەو نیگار و گرافوور.

10-کتێب و بڵاوکراوەو بیلۆگرافیا .

جوگرافیای کوردستان:

1- سنووری کوردستان:

کوردستان دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا . دەکرێ بگووترێ سنووری کوردستان لە چیاکانی ئەراراتەوە لە باکوورەوە دەکشێت تا زنجیرە چیای زاگرۆس لە باشوورو لەچیاکانی زاگرۆسیشەوە بەرەو ئەسکەندەروونە تا سەر لێواری حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست.

کوردستان لەباکوورەوە لەگەڵ تورکیا و لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ئێران و لەباشوورەوە لەگەڵ عێراق و لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ سوریا هاوسنوورە. بەڵام ئەمڕۆ کوردستان خاوەن سنورێکی سیاسی دیاریکراو و دان پیانراو نییە، بەڵکو بەشێکە لە خاکی دەوڵەتانی تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا .ئەم ناوە کەم لە نەخشەو کتێبی ئەتلەسدا بەکار هاتووە، بەڵام لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بەفەرمی دانی پێنراوە.عێراق تاکە دەوڵەتە کەوا کوردیان تێدا دەژی بە ڕەسمی و فەرمی دانی ناوە بە هەرێمی کوردستان.

2- دابەشبوونی جوگرافی کوردستان:

ڕووبەری گشتی کوردستان نزیکەی 536،000 کم ^{2} . 215،892 کم ^{2} لەتورکیایە و 217،766کم^2 لەئێرانە و 87،117 کم^2 لەعێراقە و 15،264 کم^2 لە سوریایە. درێژی خاکی کوردستان لەباکوورەوە تاکو باشوور نزیکەی 1300 کم وپانییەکەشی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا نزیکەی 550 کم، ئەم پانییەش لەهەموو لایەک وەک یەک نیە، لەلای باکورەوە پانییەکەی دەگاتە 578 کم لەناوەڕاستدا بۆ 232 کم تەسک دەبێتەوە، تاکو بەرەو باشووریش بڕۆین تەسکتر دەبێتەوە لەکۆتاییەکەیدا لە 112 کم زیاتر نابێ. ژمارەی دانیشتوانی لەنێوان (25- تا 45) ملیۆن کەس دەبێت. دابەشبوونەکەش بەم شێوەیە دەبێت:

1- تورکیا:

ژمارەی کورد لەتورکیا نزیکەی (15) ملیۆنە . ناوچەکوردییەکان دەکەونە ڕۆژهەلاِت و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا وەک :(ئەرزورم، قارس، مەلاتیە، دەرسیم (تونجەلی)، باتمان، ئالازیغ، بینگۆل، موش، ئەدییمان، دیاربەکر، سیرت، بەتلیس، وان، ئورفە، ماردین، هەکاری، شرناخ، گازی عەنتاب، مەرعەش،.... هتد). جگە لەم ویلایەتانەش ژمارەیەکی زۆر لە ویلایەتەکانی سیواس و ئەنقەرە و ئەستەنبوول و ئەدەنە و ئێزمیرو مارسین هەیە.

2- ئێران:

ژمارەی کورد لەئێران زیاتر لە (12) ملیۆنە، کەلە ڕۆژئاوای ئێران و ڕۆژئاواو باشووری دەریاچەی ورمێ بڵاوبوونەتەوە، کە ئەم ناوچانە دەگرێتەوە (ماکۆ، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، مهاباد، سنە، قەسری شیرین، کرماشان، بۆکان، سەقز، سەردەشت، بانە،مەریوان،....هتد) . و ناوچە کوردە لوڕەکانیش بریتین لە لورستان و ئیلام و بەختیاری و.... هتد .

3- عێراق :

ژمارەی کورد لەعێراق زیاتر لە (8) ملیۆنە، لەباکورو باکووری ڕۆژهەڵات بڵاوبوونەتەوە، کە ئەم ناوچانە دەگرێتەوە (هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، دهۆک، و قەزاکانی تر وەک سنجار و زمار شێخان ئاکرێ وحەمدانیە و لای چەپی موێل خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالا،کوت و بەغداو هەندێ ناوچەی تر.

4-سوریا:

ژمارەی کورد لەسوریا لە (3) ملیۆن زیاترە، ناوچە کوردییەکان دەکەوێتە باکورو باکوری ڕۆژهەڵات، ئەم شارو ناوچانە دەگرێتەوە (دێرەلۆک و پارێزگای حەسەکە بەتایبەتیش لەقەزاکانی ناوچەکانی قامیشلی و مالیکی و ئامودە ودەرباسی و سەرکانی (ررس العین) دەگرێتەوە، لەپارێزگای حەلەبیش لەسەر ناوچەکانی کوبانی و عەفرین و شارەکانی ئەدلەب و لازقیە، لەهەندێ شاری تریش وەک دیمەشق، حماە،جولان ....هتد.

5-هەندێ وڵاتی تر: وەک لوبنان، ئیسرائیل، پاکستان، ئەفغانستان، وڵاتەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لەوانە(ئەرمینیا و ئازەربایجان و گورجستان،تورکمانستان)، سەرەڕای ژمارەیەکی زۆری کوردی نیشتەجێ لەئەوروپا.

بەگشتی دەکرێ بگوتری سەرجەم ژمارەی کورد لە جیهاندا بەمەزەندە (55) ملیۆن کەس دەبن.

3- تۆپۆگرافیای کوردستان:

تۆپۆگۆافیای کوردستان، لەڕووی بەرزیی و نزمییەوە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی هەیە، ناوچەی باکوورو ڕۆژهەڵات بە چیای بەرز داپۆشراون کە بەرزایی هەندێکیان لە چوار هەزار مەتر زیاتر دەبێ . لە نێوان ئەو چیایانەدا چەند دەشتاییەکی تەخت هەن . ناوچەی باشوورو ڕۆژئاوا نزمن و چیایان کەمەو بەزۆری لە دەشتایی پێکهاتوون، لەڕووی ئەم دوو دیاردە خۆرسکییەدا چەندین تەپۆلکە هەن. بەگشتی تۆپۆگرافیای کوردستان لەسێ بەش پێک دێت:

1-چیاکان:

زیاترلە نیوەی تۆپۆگرافیای کوردستان لەچیا پێکهاتووە،بەزۆری لەشێوە زنجیرە چیا دەبینرێن. ژمارەی چیاکانانیش بەتەواوی دیار نیە بەپێی هەندی سەرچاوە ژمارەی چیاکان (122) ە، و هەندێکی تریش ئەم ژمارەیە بەرز دەکاتەوەو دەڵێت (220) چیایە. لەگرنگترین چیاکان: زاگرۆس، ئەرارات،شاهو، کەبیرکوە، داڵاهۆ،حەمرین،...هتد .

2- گردەکان (تەپۆلکە) :

گردەکانی کوردستان بەزۆری لە زنجیرەیەکی خوارو خێچی چەماوە پێک هاتووە. زۆربەرز نین بەڵام ئەگەر لەنزیک چیاکان نەبوونایە ئەوا هەر یەکیان بۆ خۆی چیایەک دەبوو، ئەم گردانە سوودیان زۆرە، لەلایەکەوە دەغڵودانیان لێ دەچێندری و لەلایەکی دیکەشەوە بەدەیان مێگەڵی مەڕومالاتی لێ دەلەوەڕێندرێ، لەگرنگترین گردو تەپۆڵکەکان: بایەزید، بەرزنجە، پاسینلەر، کواندەر، چوارتا، کیرت،...

3- دەشتەکان:

دەشتەکانی کوردستان بەزۆری لەپێچاو پێچی چەماوە پێکهاتوون، ڕووبەرەکانیان لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆرێت، بەڵام بەهەموویان 15% ی ڕووبەری خاکی کوردستان پێکدێنن، گرنگترینیان : ئەمیر اباد، هەولێر، ئورفە، جیزرە، مەریوان، شوی، کەندێناوە، شەنگار، قەراج...هتد.

4- سامانی سروشتی کوردستان:

ڕ- سامانی ئاوی:

کوردستان یەکێکە لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان بە ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی. سامانی ئاوی ساڵانە بە هەزاران ملیۆن مەتری سێگۆشە دەخەمڵێندرێ .ئەگەرچی نەکەوتبێتە سەر یەک لە دەریا یا ئۆقیانووسە گەورەکان، بەڵام لەناوەخۆدا سەرچاوەی ئاوی زۆری هەیە، ئەو ئاوەی لە چەندین ڕووبارو دەریاچە خۆی دەنوێنێت . تەنانەت بەسەرچاوەیەکی گەورەو گرنگی ئاوی وڵاتەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئاسیا دەژمێردرێت، چونکە ڕووبارو زێیەکانی کوردستان دەڕژێنە دەریا گەورەکانی وەکو کەنداوی عەرەبی و ئەسکەندەروونە و زەریای خەزەر و ڕەش و دەریاچەکانی وان و ورمێ و...

گرنگترین ڕووبارو دەریاچەکانی کوردستان بریتین لە :

یەکەم : ڕووبارەکان

کوردستان خاوەنی ڕووبارێکی زۆرە، دەکرێ لەڕووی درێژیی و قەبارەی ئاوەوە، هەندێکیان لەگەڵ ڕووبارە مەزنەکانی جیهاندا بەراورد بکرێن، هەندێ دیکەشیان لەبەر کورتییان تاکو ئێستا شوێنیان لەسەر نەخشەکان دیاری نەکراون.

لەخاکی کوردستاندا زیاتر چوار ڕووباری گەورە سەرچاوە دەگرن، کە بریتین لە:

1- ڕووباری ئاراس : درێژاییەکەی 920 کم، لەناوچەی (بینگۆل) لەتورکیا سەرچاوە دەگرێت و دەڕژێتە دەریای قەزوین. لە گرنگترین لقەکانی لە نێو خاکی کوردستاندا : چەمی ئارپا و چەمی دیگۆر و هیدیکە.

2- ڕووباری دیجلە : لە دەریاچەی (گوولجوک) سەرچاوە دەگرێت، درێژییەکەی لەسەرچاوەکەیەوە تاکو لەگەڵ ڕووباری فوراتدا تێکەڵ دەبێت (1900) کم، درێژییەکەی لەنێو خاکی کوردستاندا لە دەورووبەری 847 کم،کە بە زەوییەکانی عێراقدا بەرەو خوار تێدەپەڕێت تا لەنزیک شاری (بەسرا) لەگەڵ ڕووباری (فوڕات) تێکەڵ بەیەک دەبنەوەو (کەنداوی عەڕەب) پێکدەهێنن . هەندێ لەلقەکانی بریتین لە : چەمی بەرکیلین، ڕووباری خابوور، زابی گەورە، زابی بچووک، ئاوی سیروان، ڕووباری عوزێم،...

3- ڕووباری فورات : لە دوو سەرچاوە پێکدێت، یەکێکیان (فرات یۆ) لە دملو تەپە هەڵدەقوڵێت لە باکووری ئەرزورم، سەرچاوەکەی تریش (مراد یۆ) لە (ئوڵو داغ) کە دەکەوێتە نێوان شاخی ئەڕارات و دەریاچەی وان، ئەم دوو لقەش لەباکووری (ئالازیغ) دەگەنە یەک ڕووباری فورات پێکدەهێنن. درێژی ڕووباری فورات لەسەرچاوەکەیەوە تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە لەگەڵ ڕووباری دیجلە یەکدەگرێتەوە و کەنداوی عەرەب پێکدەهێنن، 2800 کم، کە 2170 کم بەخاکی کوردستاندا تێدەپەڕێت . بۆیەش بەدرێژترین ڕووباری کوردستان دادەنرێت.

4- ڕووباری قزل ئۆزۆن: ئەم ڕووبارە لە ڕۆژئاوای شاری (دیواندەرە) ی کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران) سەرچاوە دەگرێت، لەباشووری شاری (ڕەشت) کە پێی دەڵێن (سفیدڕوود) دەرژێتە دەریای قەزوین.

دووەم: زێیەکان

زێی لە ڕووبار بچووکترە، کوردستان لەچەند زێیەکی گرنگ پێک دێت، لەوانە:

1- زێی گەورە : لقی هەرە گەورەی ڕووباری دیجلەیەو لە کوردستانی باکوورەوە سەرچاوە دەگرێت بەرەو کوردستانی باشوور درێژ دەبێتەوە، تاکو دەگاتە ئاوبەندی بێخمە، لەوێدا بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەڕوات، تاکو لە باشووری شاری موسڵ، دەرژێتە نێو ڕووباری دیجلە.

2- زێی بچووک: لە ئاوەکانی دەشتی لاهیجانی ڕۆژئاوای شاری مهاباد پێکدێت، درێژاییەکەی لەهەندێ سەرچاوەدا 4000 کم، واتە بەدرێژترین لقی ڕووباری دیجلە دەژمێردرێت . لە سنووری قەڵادزێوە دەپەڕێتە کوردستانی عێراق و دەڕژێتە ئاوبەندی دۆکان، لەوێشەوە بەرەو پردێ دێت، لەئەنجامدا لەگەڵ زێی گەورەدا دەڕژێتە ڕووباری دیجلە.

3- زێیەکانی بەتلیس و بۆتان لە کوردستانی باکوور.

4- زێی سیروان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرەو کوردستانی باشوور درێژدەبێتەوە.

سێیەم : دەریاچەکان

لە کوردستاندا چەند دەریاچەی گرنگ هەیە لەوانە:

1- دەریاچەی وان: گەورەترین دەریاچەیە لە کوردستاندا، دەکەوێتە باکووری کوردستان، ڕووبەرەکەی 3713 کم ^{2}، بەرزاییەکەی 1646 م لەسەر ڕووی دەریاوە . ئاوەکەی سوێرە.

2- دەریاچەی ورمێ: دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕووبەرەکەی 6000 کم^2 .

3- دەریاچەی گوولجوک (خەزەر) : دەکەوێتە باکووری شاری دیاربەکر، بەرزاییەکەی 1155 م لەئاستی دەریاوە. 4- دەریاچەی زرێبار (زریوار) : دەکەوێتە ناوچەی سنە نزیک شارۆچکەی مەریوان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ڕووبەرەکەی 77 کم^2.

ب- سامانی کانزایی:

کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە بەسامانی کانزایی، بەتایبەتی سامانی نەوت . هەر ئەم سامانەشە وای لە کوردستان کردووە ببێتە گۆڕەپانی شەری هەرێمایەتی و داگیر کردن و بردنی خێر و بێری .بیرە نەوتییەکان لەهەموو شوێنەکانی کوردستان بڵاوبوونەتەوە، لە گرنگترین گێڵگە نەوتییەکانی کوردستان :

1- سیرت - دیاربەکر و باتمان لە کوردستانی تورکیا .

2- شاە ئاباد و قەسری شیرین لە کوردستانی ئێران.

3- (عین زالە) لە موێل و (بابەگوڕگوڕ – بای حەسەن – زەنبوور) لەکەرکووک و (نەفتخانە) لە خانەقین لە کوردستانی عێراق .

4- (رومیلان) لە کوردستانی سوریا. تاکە سەرچاوەی سوریایە بۆ نەوت.

هەروەها کانزای تر هەن لە کوردستان وەکو (ئاسن، مەنگەنیز، مس، فۆسفات، یۆرانیۆم، گۆگرد، کرۆم، بەردی بەنرخ، .... هتد.

ج- سامانی ڕووەکی :

کوردستان دەوڵەمەندە بە ڕووەکی سروشتی، چ لە ڕووی بوونی چەندین داری جۆراوجۆر، وەک : هەنجیر، بەڵاڵۆک، بادەم، بادەمی کێوی، دار توو، بەروو، دار هەنار، دارسماق، سنەوبەر، ... هتد یاخود لە ڕووی گیاو گوڵی خۆڕسکییەوە کە بۆ ڕەنگ و کاری پزیشکی و سەمغ و بۆن و خۆراک بەکار دەهێندرێن .

د- سامانی ئاژەڵ (زیندەوەر):

کوردستان خاوەن سەرمایەکی زۆری زیندەوەرو ئاژەڵە، کەبۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێن، دەکرێ دابەشی چەند بەشێک بکرێن وەک:

1- ئاژەڵی بارکێش وەک : هێستر، بارگین، ماین، ئەسپ، گوێدرێژ .

2- ئاژەڵی ورد وەک : مەڕ،بزن .

3- ئاژەڵی درشت وەک : چێڵ، گا، مانگا، حوشتر .

4- باڵندەکان وەک : کەو،بولبول،کۆتر،چۆلەکە، قەتێ، ڕەشۆڵە،قازو،مراوی و ...هتد. 5- ئاویەکان وەک : ماسی کەچەندین جۆری هەیە وەک : ماسی ڕەش، ماسی زێڕی،پشیلە ماسی،... هتد

6- خشۆکەکان وەک: مار، کیسەڵ، مارمێلکە،ماری ئاوی، ماری ڕەش، ...هتد

7- شیردەرەکان : ئاسک، بزنە کێوی، کەروێشکی دەشتی،کەروێشکە مشک،...هتد

8- دڕندە: گورگ، چەقەڵ، ڕێوی، ورچی قاوەیی، قەبر هەڵکەنە،پڵنگ،بەراز،..هتد

کشتوکاڵی کوردستان :

کوردستان یەکێکە لەو وڵاتانەی کە چەندین بەرهەمی کشتوکاڵی جۆراوجۆری لێدەچیندرێ و دێتە بەرهەم، تایبەتمەندی و گرنگی زۆری هەیە لە ڕووی ئابوورییەوە، ڕۆڵێکی بەرچاویش دەبینێت لە دابینکردنی خۆراک بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ .گرنگترین بەرووبوومە کشتوکاڵیەکانیش بریتین لە : گەنم، جۆ، برنج، نیسک، نۆک، دنکە لۆکە، چەوەندەری شەکر، کونجی،گوڵەبەڕۆژە،پیاز، سیر،هەرمێ، سێو،زەیتون،گوێز،...هتد.

5- کەش و هەوای کوردستان :

ئاو و هەوای کوردستان لە نێوان بیابانی گەرم و ئاوو هەوای دەریای ناوەڕاست دایە . جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ناوچەکانی کوردستاندا، بەتایبەتی لە پلەی گەرماو بارستایی باران وجۆرە بارینەکانی

دیکەدا،ئەمەش بەهۆی کاریگەی چەند هۆکارێکە وەکو : ڕووپێوی جوگرافی، دوورونزیکی لەدەریاوە،وشکایی، بەرزو نزمی. بۆ نموونە پلەی گەرما لەباکووردا لەچاو پلەی گەرما لەباشووردا سێ کەڕەت نزمترە . هەروەها تاکو لەباکوورەوە بەرەو باشوور بڕۆین بارستایی باران بەرەو کەمی دەڕوات و جۆرو شێوەی بارینەکانیش دەگۆڕێ، ئەگەر هاتوو لەباکووردا بەفرێکی ئاسایی بباریێ، ئەوا لەباشووردا بەدەگمەن نەبێ بەفر ناباریێ، بەتاییەتی لەباشووری ڕۆژئاوادا.

تێکرای پلەی گەرمای ساڵ لە کوردستاندا مامناوەندییە، واتە ئاوو هەوا لەڕووی گەرمییەوە فێنکە . ئەمەش بۆ شوێنگەی جوگرافی ناوچەی فێنکی باکوور دەگەڕێتەوە . ئەو ژمارەیە لەهەندێ ساڵدا 3-4 پلە زیاد دەکات، لەساڵی واشدا هەیە 1-2 پلە کەم دەکات. بۆ نموونە لە وەرزی زستاندا پلەی گەرما لە شارەکانی باکووری کوردستان لە نێوان (30° تا 35°) لە ژێر سفر دایە و، لەناوچەکانی باشووری کوردستانیش لەهاویندا پلەی گەرما بەڕێژەیەکی گەورە بەرز دەبێتەوە لەنێوان (35 °تا45°) بەتاییەتی لەشاری خانەقین، لەشاری هەولێر و کەرکووکیش دەگاتە (45 ° تا 50°) .

تێکرای باران بارینی کوردستان لەساڵێکدا لەنێوان (200 تا 400) ملم لەناوچە دەشتاییەکانی باشوورو ڕۆژئاوا،بەڵام لەناوچە شاخاوییەکاندا لە نێوان (700 تا 1000) ملم جارجاریش دەگاتە (3000) ملم .

دیاری کرنی ڕەگەزوو مێژووی کورد بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان

مێژووی کوردستان

١-مێژووی کۆن:

ئەو شوێنەوارو پاشماوەو نووسراوانەی کە لە کوردستان دۆزراونەتەوە سەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤ لە کوردستان نیشان دەدەن . ئەوەی زیاتر ڕەسەنایەتی کورد دەسەڵمێنێت، گێرسانەوەی گەشتییەکەی حەزرەتی (نوح) ە لە چیای جودی، بۆتە بەڵگەی ئەوەی کە کوردستان لانەی یەکەمی شارستانییەت وژیانە، یەکێ لەم بەڵگانەش دۆزینەوەی ئێسکبەندی منداڵێک و سێ پیاو، بەکۆنترین ئێسکبەندی مرۆڤی

(نیاندرتال) ناسراون،که مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (45-50) ساڵ (پ.ز) لە ئەشکەوتی شانەدەر لە چیای بڕادۆست، کە مرۆڤی کۆن بوون و لەو ناوچانە ژیاون پێش مرۆڤی هەشمەند و پاشماوەی لە شوێنی جیاجیای باکووری عێراق دۆزراونەتەوە.

هەروەها دۆزینەوەی کەل وپەلی کشتوکاڵی وەکو تەوری دەستی و شتی تر هەروەک توێژینەوەی شوێنەوارزانی ئەمەریکی (کاردو) لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدا شوێنەواری کوتایی چاخی بەردینی کۆنی دۆزییەوە، کە زۆربەیان ئامێری وورد بوون مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ پێش دوازدە هەزار ساڵ . ئەمەش ئەوە دەسەڵمێنێت کە خەڵکی کوردستان پێش هەموو مرۆڤێکی تر خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردن بوونە سەرەڕای چەندین شوێنەوار، کەبەڵگەن بۆ ڕەسەنایەتی نەتەوەی کورد.

لە کوردستانی کۆندا چەندین دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتی دیار هەڵکەوتوون لەوانە:

1- سوئییەکان : لەناوچەی سوپارتۆ، لەناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پ.ز.

2- لولوبیەکان : لەناوچەی میزۆپۆتامیا بەتایبەتی لە دەشتایی زەهاوو شارەزوور.

3- کوتی : لەباکووری دەوڵەتی لولوبیەکان، لە هەزارەی دووەم و سێیەم، فەرمانڕەوایی عێراقیان بۆ ماوەی سەد ساڵ کردووە.

4- کاشییەکان : فەرمانڕەوایی کوردستانیان کرد لەنێوان سالاٍنی (1595 -1162) پ.ز.

5- میتانییەکان، تۆرانییەکان، مانناییەکان، میدییەکان، ...هتد.

2- سەدەی ناوەڕاست:

ئەم سەدەیە لەمێژووی گەڵی کورد بە چاخی ڕاپەرینی نەتەوەیی دەژمێردرێت، بە قۆناغی زێڕین ناو دەبرێت بۆ گونجانی سیاسی و سەربازی و ڕۆڵی لەباریان لە رزگاری ئیسلامی دوای ئەوەی باوەریان بە ئاینی ئیسلام هێنا، ڕۆڵی سیاسی کاریگەیان گێڕا لە ئاسیاو ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ ئەویش بە دەرکەوتنی چەند دەوڵەت و مێرنشینێک کە خاوەن دەسەلاتی سیاسی کاریگەربوون،وەک:

1- دەوڵەتی ڕەوادی .

2- دەوڵەتی شەدادی.

3- دەوڵەتی ئەحمەدیلی.

4- دەوڵەتی مەروانی.

5- دەوڵەتی ئەیوبی.

6- دەوڵەتی حەسنەوی.

7- دەوڵەتی هەزبانی.

دوای هاتنی سەلجووقییەکان زۆربەی مێرنشین و دەوڵەتە کوردییەکان بێهێزبوون و بەرەو نەمان چوون.

لەکاتی شەڕی مەغۆلەکان کوردستان تووشی گەورەترین وێرانکاری و زیان بوو، لەسەدەی (7) کۆچی و (13) ز تووشی چەوسانەوەیەکی زۆر بوو، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی کورد کۆتایی پێ نەهات و زۆر لە ئەمیرەکان فەرمانڕەوایی کوردستانیان کرد، بەڵام کوردستان ببووە گۆڕەپانی ململانێ و شەڕی نێوان جەلائیری و تەیمووری و قەرەقۆیلۆ و ئەوانی تر.

3- مێژووی نوێ (هاوچەرخ):

لە ئەنجامی شەڕی (چالدیران) کە لەنێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان ڕوویدا، لەشکری عوسمانییەکان بەسەرکردایەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم و لەشکری سەفەوییەکانیش بەسەرکردایەتی شا ئیسماعیلی سەفەوی بوو لە (23) ی ئابی 1514 لە دەشتی چاڵدێران باکووری ڕۆژئاوای دەریاچەی (ورمێ) لەسەر خاکی کوردان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، بەسەرکەوتنی عوسمانییەکان کۆتایی پێ هات. دوای ئەم شەڕە بۆ یەکەم جار کوردستان لەمێژوودا دابەشکرا،بەشی ڕۆژهەڵاتی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی سەفەویدا مایەوە و بەشە زۆرەکەی تریشی کەوتە ژێردەستی عوسمانییەکان .

لەماوەی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان و سەفەوییەکان هەندێک لە مێرنشینەکان فەرمانڕەوایی کوردستانیان دەکرد لەوانە:

1- مێرنشینی بەتلیس.

2- مێرنشینی ئەردەڵان.

3- مێرنشینی بادینان.

4- مێرنشینی سۆران.

5- مێرنشینی بابان.

هەریەک لەم مێرنشینانەش هەمیشە بەدرەوشاوەیی لە مێژووی پڕ شانازی نەتەوەی کورد دەمێننەوە، چونکە زۆربەی میرەکانیان هەوڵی سەربەخۆیی و یەکخستن و رزگارکردنی خاکی پیرۆزی کوردستانیان داوە، ویسوویانە وڵاتێکی سەربەخۆ و نەتەوەیەکی خاوەن دەسەڵات لەهەریەک لە ناوچەکاندا دروست بکەن. بەڵام هەریەک لەم مێرنشینانە لە سەردەمێکی جیاوازدا لەلایەن عوسمانی و سەفەوییەکاندا ڕووخێنران و لەناوبردران.

کورد و ناوچە کوردییەکان لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەم دا زیانێکی زۆری پێگەیشت . دوای جەنگ بیری ئەوروپی کاریگەری کردە سەر کورد و بیری نەتەوایەتی لایان پەرەی سەند، ئەمەش دوای ئەوەی هێزە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان لە جەنگی جیهانی دووەم بەڵینی ئەوەیان پێدان کە دەوڵەتێکی سەربەخۆیان بۆ دابمەزرێنن، یەکی لە گرنگترین ڕووداو لەمێژووی کورد لەم قۆناغەدا دامەزراندنی کۆماری کوردستانە کە پایەتەختەکەی مەهاباد بوو لە 22/ 1/ 1946 بەسەرۆکایەتی قازی محەمەد .

کورد بەپێچەوانەی ئەو هەموو بەڵێنانەی کە لەلایەن زلهێزەکانەوە پێیاندرابوو دوای جەنگی دووەم دابەشکرانە سەر چەند هەرێمێک لە وڵاتانی جیاواز وەک کەمایەتییەک و لەهەندێ شوێندا دانیان پێدرا و لەهەندی شوێنی تریش بەپێچەوانەوە، بۆ نموونە لە تورکیا بە (تورکەکانی چیا) ناسێندران .

بارودۆخی کورد لە کوردستانی عێراق جیابوو، چونکە جۆرە ئازادییەک هەبوو لە نێوان ساڵانی (1970-1974) و دەستوورێکیان هەبوو بەناوی ئۆتۆنۆمی (الحکم الزاتی) لە هەرسێ پارێزگای هەولێرو سلێمانی و دهۆک،بەڵام لەشەڕی کەنداوی یەکەم واتە شەڕی عێراق و ئێران، بەچەکی کیمیاوی شاری هەڵەبجەی لە 16 ی ئازاری 1988 بۆردومانکردوو ئەم مەسەلەیەش بوو بە دەنگێک ویژدانی جیهانی جوڵاند بۆ ئەمەش کوردەکانی ئەوروپا ڕۆڵی شیاوی خۆیان بینی . دواتریش لەچەند زنجیرەیەکی ئەنفالدا 182000 کوردی جینۆساید کردووە و 5000 گوندی وێران کرد، ئەوە بوو لەدوای شکستەکەی لەشەڕی کەنداوی دووەم کە ناسرابوو بە شەڕی کوێت، کورد شان بەشانی گەلانی عێراقی ڕاپەڕی . هەروەها ڕاپەرینەکەی ئازاری 1991

کێشەی کوردی زیاتر بەدونیا ناساند، ئەمانەش بوونە هۆی هەژاندنی کوردەکانی ئەوروپا و بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایی.

ئەم کۆمەڵ کوژییەی کوردەکانی عێراق و ئەو بارودۆخە سامناکەی کەهات بەسەر سەدان هەزار پەنابەری کورد بووە هۆی وروژاندنی تورەیی و بێزاری لەناو وڵاتە رۆژئاواییەکان، هەروەها حکوومەتی ئینگلتەرا و فەرەنساو ئەڵمانیا بە پشگیری ئەمەریکا و ژمارەیەکی تر لە وڵاتەئەوروپییەکان نیمچە گرنتیەکیان دا بە پاراستنی ئاسایشی کوردەکانی عێراق . بەم پێیەش بەبریارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان ناوچەیەکی ئارام لەباکوور دامەزرا و هێزە ئاسمانییەکانی رۆژئاوا ئەم ناوچەیەیان دەپاراست لەهێرشی فرۆکە جەنگییەکانی عێراق. ئەوە بوو لەساڵی 1992 حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا و بارودۆخەکەی مایەوە تا 2003 شەری کەنداوی سێیەم،کە کورد رۆڵێکی بەرچاوی گێرا بۆ کۆنترۆڵ کردنی شارەکانی باکووری عێراق و ئەوە بوو کورد وەک هەرێمێکی فیدراڵ خۆی ناساند و لەدەستووری نوێی عێراقیشدا چەسپێندرا.

مێژووی زاراوەی کوردستان:

پێش ئەوەی زاراوەی کوردستان بۆ کوردستان بەکاربێت، ناوی جۆراوجۆری بۆ بەکارهاتووە وەک (کاردا، کاردۆنیاش، کورتی، کورتا، کارداک، کارداکا، کاردۆ، کاردۆئینی، ئەکراد،...هتد. هەر یەک لەم ناوانە لەسەردەمێکی مێژووی جیاوازدا بۆ نەتەوەی کورد بەکارهاتوون. بۆ نموونە سۆمەری و بابلییەکان ناویان نابوو (کورتی)،ئاشوورییەکان ناویان نابوو (کورا قوتیوم) رۆمانەکان ناویان نابوو(قاردشۆی) یۆنانیەکانیش (قاردۆ) عەرەبەکانیش ناویان نابوو (بلاد الاكراد).

هەروەها وڵاتی کوردان تا چەرخەکانی یازدەو دوازدەمی زایینی بەسەر چەند هەرێمێکدا دابەش بووە وەک:

1- هەرێمی چیاکان .

2- هەرێمی جەزیرەی فوراتی.

3- هەرێمی ئەزەربایجان.

4- هەرێمی ئەرمینیا.

5- هەرێمی لوڕ

6-هەرێمی شارەزوور.

جگە لەمانە هەندێ هۆزو تیرەی کۆمەڵەی کوردی تر هەبوون، لەهەریم و شوێنەکانی دیکەی وەکو : وڵاتی فارس و خوزستان و وڵاتی شام دا ژیاون.

سەردەمانێکی زۆر مێژوو نووسە کوردەکان باوەڕیان وا بوو جوگرافیا ناسی ئێرانی(حمدوالله قەزوینی) یەکەم کەس بووە زاراوەی (کوردستان)ی بۆ وڵاتی کوردان بەکارهاێناوە, ئەویش لە کتێی (نزهە القلوب) لە بەشی جوگرافیاکەی لە سەدەی چواردە (16) جار بەکارهێناوە, بەڵام لە پاشان دەرکەوت کە بەر لە قەزوینی لەسەر چاوە سریانیەکان ناوی کوردستان هاتووە , هەندێ لە مێژوو نووسان ئاماژەیان پێ کردووە بۆ یەکەم جار لە سەردەمی سەلجووقییەکان دەرکەوت، لەسەردەمی سوڵتان (سنجر) لە ناوەڕاستی سەدەی دووازدەهەمی کۆچی، یەکەم خاوەن دەوڵەتن کە ناوی کوردستانیان هێنابێت.

هەروەها (مارکۆ پۆلۆش) کە کوردناسێکی ئیتاڵیە و لەگەڵ رشیدین الهمدانی کە کتێبی (تارخ المغول) ی نووسیوە ئەوانە زووتر لە قەزوینی بە کاریانهێناوە لەسەدەی سێزدە . لە هەرێمی خوراسانی ئێران لە سەردەمی نادرشا بەناوی (ناوچەی قوچان – خبوشان) دەوترا کوردستان هەروەها سوڵتانی عوسمانی بەتایبەتی یاووز سەلیم زۆر جار وشەی کوردستانی بەکارهێناوە وەک حکومەتی کوردستان و ناوچەکانی کوردستان،کەرتەکانی کوردستانی دامەزراند بەشێوەیەکی فەرمی لەیاسای چاکسازی زەوی لەساڵی 1848 و ساڵی 1867.

بەهەر حاڵ سەرەتای بەکارهێنانی یەکەمی زاراوەی کوردستان تەمو مژاویە بەڵام ئەوەندە هەیە سەرچاوەکان دەڵێن ویلایەتێك بە ناوی ویلایەتی کوردستان دوای هێرشی مەغۆلەکان دامەزراوە , ئەمەش ئەوە ئەگەیێنێت دیارە کوردەکان وڵاتەکەیان پێش کوردستان ناوی تری هەبووە .

زاراوەی کوردستان، لە دوو وشە پێک هاتووە (کورد) لە (گورد)ی فارسیەوە هاتووە کە بە واتای (ئازا) دەدات، (ستان) پاشگری شوێنە . واتە ناوچەی کوردان.

بنج و نەژادی کورد :

لێکۆلینەوەی نەژادی کورد بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان بەسەر جەند قۆناغێك دابەش دەبێت:

کورد لەتەک عەرەب وتورک وفارس بەیەکێک لە گرنگترین گەلانی ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا دەژمێردرێت. ناوچە شاخاوییەکانی نزیک ڕۆژهەلاتی تورکیاو ڕۆژئاوای ئێران و سەرووی عێراق وسووریایان هەلبژارد بۆ نیشتەجێ بوون و نیشتیمان هەر لە کۆنەوە. لەگەڵ ئەوەی شێوەی بێژەی کورد لە مێژوودا هەیە کە دەشێ هەندێ جار چەمک و واتای جیاواز بگەیەنێت لەوەی کە ئێستا هەیە، بەڵام لە سەرەتاوە تا ئەمرۆ چەمکی خەڵکانێک دەگەیەنێت هەموو تایبەتمەندییەکانی نەتەوە بوونیان هەیە کە لە قۆناغە مێژووییەکان پێیدا ڕەتبوون لەناوچەی نیشتەجی بوونیاندا.

گەلێ گریمانەو بیرورا هەیە لەبارەی بنج ورەچەڵەکی کورد، لەوانە:

لەقۆناغی یەکەم بەڵگەی ڕاستەقینەی ئەو تۆمان لەبەر دەست نیە، چونکە مەسەلەکە تێکەڵ کراوە بە ئەفسانە و بۆچوون و نووسینی نادروست، چەند تیۆرێک بۆ ڕەچەڵەکی کورد دیارکراوە وەکو:

ا- تییۆری گشتی (ئیسرائیلیات): ئەم تییۆرە بەهۆی کاریگەری ئەو چیرۆکە ئەفسانەییان لە تەورات و ئینجیل دا هەیە دروست بووە، بەپێی ئەم تییۆرە ڕەچەڵەکی کورد ەبردرێتەوە سەر جنۆکەکانی سەردەمی پێغمبەر سلێمان (علیە سلام)، ئەم بیردۆزە هیچ بنەمایەکی ڕاست و دروستی نیە چونکە ڕەگەزی مرۆڤ و جنۆکە جیاوازە.

ب- تییۆری عەقیدەی: ئەم تییۆرە پشت بەوە دەبەستێت کە هەموو ئادەمیزادێک دەگەڕێتەوە بۆ یەک باوک کە ئادەمە و لە دوای ئەویش نوح کورەکانی بەناوی (سام، حام، یافت)، بەپێی ئەم تییۆرە ئاماژە بەوە دەکرێت کە رەگەزی کورد بۆ (یافت)ی کوری نوح دەگەڕێتەوە، لە ڕاستیدا ئەم تییۆرە ئەفسانەیەو هیچ بنەمایەکی زانستی نیە.

ج- تیۆری فارسی: بەپێی تییۆری فارسی نەژادی کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەر نەتەوەی فارس بۆ ئەم مەبەستەش لەسەرچاوەکانیاندا چەند پاشایەکی کۆنی فارسیان دیارکردووە بە باپیری گەوەرەی کوردیان داناوە لەوانە(ئەژدەهاک، ئەسفەنریار، ئەستیاک) هەندێکی تریش ئەڵێن کورد لە ڕەگەزی فارسییە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ بەڵگەیەک بکەن، ئەم تییۆرەش هەڵەیە چوونکە هەر مێژوو نووسێک سەردەمێک و کەسایەتیەک لە فارسەکان بۆ کورد یاردەکات.

د- تییۆری عەرەبی: لەم تییۆرە دا ڕەگەزی کورد بۆ تیرەی (عدنان) دەگەڕێتەوە کە لە نەوەی ئیسماعیل کوڕی ئیبراهیم خلیلە (سلاوی خوای لەسەربێت)، طوایة دوای ئەوەی ناکۆکیان لەگەڵ تیرەکانی تری عەرەب دەبێت کۆچ دەکەن بۆ ناوچە شاخاویەکان و لەوێدا زمانەکەیان بیردەچێتەوە و فێری زمانی عەجەم دەبن. هەندێکیشیان ئەڵێن کورد لە رَۆسةنةكاني يەمەنن بە هۆی ژێرکەوتنی ناوچەکەیان بە ئاو لە شوێنی خۆیان کۆچیان کردووە، بەشێکی تریان ئەڵێن کورد لە نەوەی (عمر کوڕی عامر). هەروەک دەڵێت:

لعمرك ماكان كرد من أبناء أبناء فارس ولكن كرد ابن عمر بن عامر

قۆناغی دووەم:

1- زاناو مێژووزانی ڕووسی (مینورسکی) وای بۆ دەچێت کە کورد نەوەی میدییەکانە. ئەم ڕایەش پشگیری کراوە لەلایەن زانایانی وەک : نۆیدک و هارتمان ووێسباک.

2- زانای ڕووسی (مار) ئەوەی دووپات کردۆتەوە کەوا کورد دانیشتوانی ڕەسەنی چیای ئاسیای بچووکن وەک (ئەرمەن، جۆرجی، خالدی) لەشوێنی دیکە نەهاتوون. (مار) بنچی کورد دەبەستێتەوە بەنەتەوەیەک ناویان لە نووسینە کۆنەکاندا بە (کردۆخ) هاتووە.

3- مێژوونووسی کورد (محمد امین زکی) لەکتێبی (خلاصە تاریخ الکرد والکردستان) کە بە دووەم سەرچاوە دادەنرێت لە ڕووی گرنگییەوە دوای (شەرەفنامە) . ئەمین زەکی دوای گەڕان و پشکنین لە کتَبخانە و مۆزەخانەکانی ئیستەنبووڵ و ئەڵمانیا و فەرەنسا، سەرەڕای لێکۆڵینەوەکەی (مینۆرسکی) دەربارەی کورد،پاش چەندین ساڵ لە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بنچی کورد دەگەڕێتەوە بۆ دوو چین لەنەتەوە:

یەکەم: ئەوانەی کە دانیشتووی کوردستان بوون لەسەرەتای مێژووەوە. واتە دانیشتووانی چیاکانی زاگرۆس کە نەتەوەکانی (لولو، کوتی، کورتی، جوتی،جودی، کاسای، سورباری، خالدی، میتانی، هوری، نایری) ی کە ڕەچەڵەکی کوردانن.

دووەم: چینی هیندو ئەورووپییەکان، کە کۆچیان کردووە بۆ کوردستان لە سەدەی (10 پ.ز) لە کوردستان جێ نشین بوون لەگەڵ دانیشتوانە ڕەسەنەکەی کە بریتیبوون لە (میدییەکان و کاردۆخییەکان) و نەتەوەی کوردیان پێکهێنا.

کەواتە کورد گەڵێکی بەرچاوە و ئەدگار دیارو خاوەن مێژوویەکی دوورو درێژ وخاوەن ڕۆشنبیری و مافی نەتەوەیی یە لەسێبەرێکدا وەک گەڵێک دەژین، کە پێویستە مافە مرۆییەکانی و ناسنامەی نەتەوەیی ڕێزیان لێ بگیرێت. لەئەنجامدا دەکرێ بگووترێ، کورد نەوەی نەتەوەکانی زنجیرە چیای زاگرۆسن، ئەوانەی لە هەزارەکانی سێیەم و دووەم و یەکەمی پێش زایین لەزنجیرە چیای زاگرۆس ژیاون، هیندو ئەوروپینە لەخێزانە زمان و، ڕەچەڵەکیان (ئاری) یە بەواتاي سپی پیستن، ئێستاکە دانیشتووانی باکووری عێراق و ڕۆژهەڵاتی ئێران ورۆژئاوای سوریاو باکووری تورکیان.